# بۆچی پێویستمان بە گەمەی تاجوتەختە؟

ئانالی نیوتز

بۆ کوردیی ناویین: سوورێن ئیبراهیم

ئەم زنجیرەیە تەنێ دووپاتکردنەوەی وێنەیەکی خەیاڵیی نییە، بەڵکوو وێنەکانی ئەم فیلمە بوون بە بەشێک لە قسەی سەرزاری خەڵک. پادشا خەیاڵییەکەی ئەو فیلمە، (وێسترۆس)، بووە بە هێمای ئەمریکا.

مسۆگەر ئەمە یەکەمجار نییە خەیاڵی سەدەکانی ناوەڕاست دەبێتە هەوێنی ڕەنگرێژکردنی بیرۆکەی ئاوا. «**شای ئەنگوستیلەکان**»یش کە لە ئەزموونە تاڵەکانی تاڵکینەوە، کاتێ لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا سەرباز بوو، گەڵاڵە بوو، ساڵانی شەست و حەفتا لە ئەمریکا دەنگدانەوەیەکی باڵکێشی هەبوو. ئەمەش ئەو سەردەمە بوو وا هیپییەکان[1] بە تانووتەوە باسی هەڵبژاردنی گاندالف، (جادووگەری دانا)یان دەکرد. سا جلەکانیان بە دروشمی «بژی فرۆدۆ» دەنەخشاند. ئەمەش هێمای پەیوەندییان بوو لەگەڵ ژیانی باڵا و کۆمەڵایەتیی سەرزەمینە خەیاڵییەکەی **شایەر**.

پاش هێرشەکانی یازدەی سێپتێمبەر یاریی بەکۆمەڵی «جیهانیی وارکرافت» بازاڕی جیهانیی یارییە کۆمپیوتەرییەکانی جڵەو کرد. چیرۆکە جەنگییەکەی، کە شەڕێکە لە نێوان **هۆرد** (بە ڕێبەرێتیی ئۆرکەکان و **هاوپەیمانان** (بە ڕێبەرێتیی مرۆڤەکان)، لە دنیایەکی خەیاڵیی سەدەکانی نێوەڕاست و بە وردەکارییەکی سێرەهەندیی ڕەنگرێژ و پێشکەش کراوە. لە ڕۆمانی **هاری پۆتەری** جی کی ڕۆڵینگیشدا منداڵێکی پاڵەوان لەگەڵ ئەو جادووگەرە چەپەڵەی وا دەیەوێت دیموکراسیی بسڕێتەوە، دەجەنگێ. ئەم ڕۆمانە یەکێک بوو لە پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی هەمان سەردەم. لە سەرپاکی ئەم سەرزەمینانەدا جادوو پاوەجێیە. ململانێی پێچەڵپێچی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی سەر دەکێشێ بۆ جەنگی تەلیسم و جادوو.

هەینێ تەنگەژەیەک یەخەی وڵاتەکەمان دەگرێ، کەڵکەڵەی چیرۆکخوانیی بۆ پاشێمان دەگەڕێنێتەوە، تا لەو چیرۆکانەی پێش فیدراڵیزم و سەرمایەداریی و تەکنەلۆژییدا، ڕێچارەیەک بدۆزینەوە.

---

[1] بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەنجانە بوو، لە دەیەی شەستدا لە ئەمریکا سەری هەڵدا و لەوێوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان سەری کێشا. و، ک

بەڵام ویستی هەڵهاتن تەنیا ڕاکردن لە واقع ناگەیەنێ، جارێکیان ئورسۆلا گوینی نووسەری چیرۆکەخەیاڵییەکان پرسیبووی: «گەر سەربازێک بکەوێتە چنگی دوژمن، ڕاکردن نابێتە ئەرک؟» باسەکەی ئەو دەربارەی تالکین بوو، دەیوت، هەموو ویستەکانی هەڵهاتن دوادەرچەن بۆ مانەوە و دۆزینەوەی ڕێی هەڵهاتن. لە ڕۆمانەکانی **ناوچەی دەریای** خاتوو لۆگیون جادووگەران بە پەیڤەکانیان جادوو دەئافرێنن؛ هەروەتر دەکۆشن بە وتنی ڕاستیی ڕووداوەکە ڕووبەڕووی پەتایەکی کوشندەی جیهانگیر ببنەوە. گەر خەیاڵ بە بەردەبازێک بزانین بۆ هەڵهاتن لە چارەنووسێکی تاریک، ئەوا «گەمەی تاجوتەخت» شاکلیلە.

بەم چەشنە، زیندان کوێیە؟ بۆچی هەمیشە ڕێی هەڵهاتن لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تێدەپەڕێ؟ وەڵامێکیان ئەوەیە کە «گەمەی تاجوتەخت» سەبارەت بە ڕابردوو نییە. ئەم زنجیرەیە هاوشێوەی نەریتێکی کۆنی پەڕتووکنووسییە کە دەڵێ، ڕەنگە ئاییندەی دووری ئەستێرەکەمان زۆر لە ڕابردووی دوور بچێ. لە کورتەڕۆمانی **«شازادەی مەریخ»**ی ئەدگار بارۆز ژیارییەکی مەریخیی سەدەکانی ناوەڕاستمان هەیە، ڕاستییەکەی تاکە پاشماوەی جیهانێکی پێشکەوتووی بانتەکنەلۆژیی ڕابردووە. زنجیرە چیرۆکەکەکانی **«زەوی لە دەمەمەدەمی مردندا»**ی جاک ڤەنس لە دەیەی پەنجادا ناوبانگێکی فراوانی دەرکرد. باسی زەوییەک دەکات کە هەتاوەکەی وا دەکوژێتەوە. مانگەکەشی داوێتی لە کزی و جادوو گەمارۆی داوە. لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمێکی وەک **«کیشوەری هەور»**ی دەیڤید میشێل و سێینەی **«زەوی هەڵدەوەشێتەوە»**ی ئان کی جەیمسیش ئاماژەیان بەم مژارە داوە. گوایە ئاییندەی دوورمان زۆر لە ڕابردووی دوورمان دەچێت. هەردوو نووسەر لە پەڕتووکەکانیاندا جیهانێکیان وێنە کێشاوە کە مرۆڤەکانی بۆ شێوە ژیانی سەردەمی بەردیین و سەدەکانی ناوەڕاست گەڕاونەتەوە. هۆکاری ئەمەش ئەو پێشێلکارییە ژینگەیی و سیاسییە کارەساتبارە بووە وا ئەو ژیارییانە ئەنجامیان داون.

بەبێ ئەفسانەسازیی ناتوانین پێشبینی ئاییندە بکەین. بە پاڵپشتیی شێوازە کۆمپیوتەرییەکان دەتوانین بە سەدە گۆڕانکاریی ئاووهەوای گۆی زەوی پێشبینیی بکەین. هەروەها سەبارەت بە کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە لە سەر شێوازی ئابووریی و کۆمەڵایەتییمان گەشتووین بە ڕوانگەیەکی تاڕادەیەک باش. بەڵام کاتێ گێژاوەکە پەیوەندیی بە هەڵبژاردن و بەرزونزمیی ئابوورییەوە هەبێ، ناتوانین پێشبینیەکانمان پشتئەستوور بەو جیهانە دوورەدەستە ڕەنگرێژ بکەین.

ڕەنگە «گەمەی تاجوتەخت» وەک دوگمەی ڕێکخستنەوە بێ بۆ ژیارییەکەمان. پێمان دەنوێنێ کە ئەگەر بەخت یاوەرمان بێ لەوانەیە دیسانەوە بتوانین بۆ چەرخی نەتەوە و پیشەسازیی

هەڵبگەڕێینەوە. چی دەبوو گەر بچینەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنە و ئەمجارە ڕاستەڕێ بگرین؟ لەوانەیە ئەمجارە دیکتاتۆرە ڕۆشنبیرەکان نەتوانن ڕەشەخەڵکی کلۆڵ لە جەنگێکی نەبڕاوەدا پەرتەوازە بکەن.

لەم سۆنگەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش چیرۆکی شێوەمێژوویی کلیلی ڕامانە لە ئاییندەی ئەستێرەکەمان. ئاخۆ دیوارە پتەوەکان دەبنە تاکە پاشماوەی کارەساتی ژینگەیی؟ یان ئەمجارە بۆ دەربازکردنی خۆمان ناکۆکییە سیاسییەکانمان وەلا دەنێین؟ لەو سۆنگەوە کە ڕەنگە ئێمەش هەڵە بکەین، دەتوانین بڕیار سەبارەت بەو بژاردانە بدەین وا بەردەستن.

ئەمڕۆ شاکاری «گەمەی تاجوتەخت» دەناسین، تەنیا لەبەر ئەوە نا کە لە خۆمان بپرسین لە ڕاستییدا کام ڕێبەری سیاسیی ئێستاکە تیتاڵێکی لە شاجافری چەپۆکسالار دادڕیوە. یان بۆ ئەوەی ببینین گەرمداهاتنی زەوی و هێزە تۆقێنەرەکەی چۆن دنیا دادەژەنێ. «گەمەی تاجوتەخت»یش وەک سەرپاکی چیرۆکی سەدەکانی ناوەڕاست دووپاتکردنەوەی ڕاستییەکان نییە. بەڵکوو پێمان دەڵێت چۆنمان بوێ ئاوا ئاییندەی دوور بەدەست دەهێنین، ئەو ئاییندەیەی وا دەستبەکار دەبین بۆ مشتومالّدانی.

لەگەڵ هەڵکشانی شیمانەی هەڵگیرسانی ڕووداوە کارەساتبارەکان، دەبێت تا زووە دەزووی خەیاڵمان شل بکەین. ئێمە بۆ دۆزینەوەی دەرچەی هەڵهاتن، ئەمەمان گەرەک.

**ئاناڵی نیوتز:** ڕۆماننوس و ڕۆژنامەنووسی زانستیی و دامەزرێنەری پێگەی خەیاڵیی- زانستیی io9ـە.

**سەرچاوە:** https://nebesht.com/why-do-we-need-game-of-thrones